# پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە

لە ئەبی مەسعودی ئەنسارِیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، فەرمووی: «هیچم لەلا نیە»، پیاوێک ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «پاداشتی کەسی ڕێنیشاندەر بۆ کاری خێر وەکو پاداشتی کەسی ئەنجامدەری کارە خێرەکە وایە».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ووتی: من ئاژەڵەکەم -سواریەکەم- مرد ؛ -ئاژەڵێکم- پێبدە بۆئەوەی هەڵمبگرێت -بۆ سەفەرکردن-، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای لێبووردنی کرد بەوەی هیچ شتێکی لەلا نیە بۆئەوەی وەکو سواری پێبدات، پیاوێک لەوانەی ئامادەبوو، ووتی: ئەی پێغەمبەری خودا، من ڕێنیشاندەری دەبم بۆ لای کەسێک کە هەڵی بگرێت، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕایگەیاند کە ئەو کەسە بەشدارە لە پاداشتی ئەنجامدەری کارە خێرەکە چونکە ڕێنیشاندەری کاری چاکە بوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەپاداشتی دووەم کەم بکاتەوە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5354

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee